کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:20 14-5-2007

## پاش تەقینەوەکەی هەولێر ... باچیتر دەرگاکانی کوردستان بۆ عارەبان والآنەکەین! ... ڕێبوار ئیدریس



جارێکی تر دەستی تیرۆرو تیرۆرستان گەیشتەوە هەولێری پایتەختی کوردستان وبە دەیان کەسی سڤیل وبێ تاوان بوونە قوربانی تاوانە ڕەشەکانی عارەبە ئیسلامیە شۆڤێنیەکان. وەك دوژمنێکی سەرسەختی نەتەوەی کورد ئەوانی عارەب-ئیسلامی کەیفی خۆیانە چۆن دژایەتی کوردو کوردستان دەکەن، شتێکی ئاساییە ئەگەر لە دەستیان بێت هەموومان لە یەك چرکەدا مەحف دەکەنەوە، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانی و خەم لێخواردنە ئەوەیە ئێمە بە دەستی خۆمان ڕێزیان دەگرین ودەیانهێنینە نێو ماڵە بێ دەرگا وپەنجەرەکەمان!! ڕۆژی دە جاریش پێیان دەڵێین (وەرن ئێرە ئارامە!!) کۆڕ بگێڕن، میهرەجان سازکەن، شایلۆغان ودمبك لێبدەن، بە بای پڕ لە قوربانی شەهیدانی کوردستان بای باڵی ڕەشی خۆیان بدەن!! لەلایەکی ترەوە ئەوە بۆ چەند مانگێك دەچێ بە لێشاو عارەبانی نمەك بەحەرام دەرگای پڕ لە زام ومەینەتی خاکی سوتماکی کوردستانیان بەڕوودا والآ کراوە، ڕابردوو وئێستاش ئەو ڕاستیەی سەلماندووە، عارەب ئەگەر ئیشی پێت هەبێ خۆی دەکاتە قوربانی پێڵاوەکانت!! هەرکە ئیشەکەشی نەما پێت دەڵێ (کرێدی!!) بڕواناکەم یەك کوردی خەمخۆری ئەزمون وکیانی کوردستان چاوی بەرایی بدات سەیری ئەو عارەبانە بکات لە کوردستاندا، تەنانەت خودی بەرپرس وکادیرانی حزبە دەسەڵاتدارەکانیش ئەو ڕاستیە باش دەزانن.

لەوەڵامی گلەیی خەڵکی کوردستاندا دەسەڵاتی کوردی دەڵێ: ئەوانە بە کەفالەت دێن!!ئاخر کاتێك عەلاوی ومالکی ودلێمی وهاوبچمەکانیان پێش ڕووخانی سەدام دەهاتنە کوردستان، سوێندیان بە باڵای کورد دەخوارد، کەچی ئێستا بایان داوەتەوە! قابیلە ئەو عارەبە پێپەتیانەی بەکەفالەت لە کوردستانن، لە قائیدەکانیان شەریفتر بن؟!

ئێستا پاش ئەو کارە تیرۆرستیەی شاری هەولێر ئەوکاتە هاتووە، سنورێك بۆ غەزوی عارەبان بۆ کوردستان دابنرێت ودەسەڵاتی کوردیش چیتر دەرگای وڵاتە ئەنفالکراوو کیمیاباران کراوەکەیان بۆ ئەو عارەبە حەرامزادانە والآ نەکەن، کە کەی وچۆن بۆیان بلوێ کاری تیرۆرستی ولەناو بردنی مرۆڤی کورد ئەنجام دەدەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.